کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
8-4-2007 13:40 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# هاتوچۆی سلێمانی ئەگەر ڕاست ناکەم دەست بکەن بەچاووما... ئاراس

سەرەتا ئەمەوی ئاماژە بەو ڕاستییە بدەم کە من لەنائومێدیمدا بە گەندەڵستانی وولاتەکەم پەنام بۆ نووسینی ئەم بابەتە بردووە.. نامەوی ناوی کەس بزرنگێنم و تەشهیریش بەکەس ناکەم.. ئەگەر ئەمانە مەبەستم بوونایە ئەم بابەتەم بۆ پێگەیەکی جنێو فرۆش دەنارد نەك بۆ کوردستان نێتی میانڕەو.. ئەگەریش بۆچوون و زانیارییەکانم بە ئاستەمیش بەلای نادروستیدا چووە با لایەنی بەرامبەرم کە بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سالێمانی یە بەبەڵگە بەدرۆم بخاتەوە و دەست بکات بەچاووما.. بە سوپاسەوە..

بێگومان زوربەی هەرە زۆری گەندەڵی ئیستا لە دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکاندا لەڕێگای لیژنەی کەل و پەل کرینەوە بەرجەستە دەکرێت.. بەتایبەتی ئەگەر هاتوو نرخ و بڕی کەل و پەل و کالاکان زۆر بوون..

ماوەیەك لەمەو بەر بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی هەستاوە بە کرینی ژمارەیەکی زۆر ماتۆڕ بۆ کارمەندەکان.. بێگومان ئەم ماتۆڕانە بەپێی وەرەقەی مانفێست و گومرگ و سەرچاوەی دروست کردن ئێرانین و لەبازاڕدا نرخیان لە هەزار دۆلار تێپەڕ ناکات.. بەڵام لیژنەی کرینی ماتۆڕەکان بە کۆری ناونووسیان کردووە و نرخی هەریەکێکیان بە شەش هەزار دۆلار تۆمار کردووە... ئیستا ئەم ڕاستییە ئاشکرا بووە و لەبەر ئەوەی لیژنەی کرینەکە بەسەرپەرشتی بەرپرسێکی گەورە بووە هەوڵ دەدرێت ئەم گەندەڵییە دیزە بەدەرخوونە بکرێت... کە جیاوازی نرخەکە 30 دەفتەر دۆلارە..

مانگانە بڕێکی زۆر بانزین بۆ بەشی ئامێرسازی هاتوچۆی سلێمانی دابین کراوە لەلایەن دەزگای پرۆژە تایبەتیەکانەوە.. بەپێی گری بەستەکە پێویستە بەنزینەکە لە جۆری (موحەسەن) بێت بەڵام خاوەنی بانزینخانەی بەختیار کە بانزینەکە وەردەگرێت و دابەشی دەکات بەنزینی جۆری (عادی) بەسەر ئوتومبیلەکاندا دابەش دەکات ئەم ڕاستییە هەموو شۆفێرەکانی هاتوچۆ دەیزانن.. جیاوازی نرخەکە تەنها بەڕێوبەری هاتوچۆ دەزانێت بۆ کوی دەڕوات چونکە زۆر هاوڕێ ی خاوەنی بەنزینخانەکەیە..

بیرێکی ئێرتیوازی لە گۆڕەپانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆدا هەڵکەندراوە.. بەپێی پسوڵەی ژمێریاری حەوت هەزار دۆلاری تێچووە.. ئەمە لەکاتێکدا ئەو جۆرە بیرانە لەهەموو حاڵەتێکدا لە هەزار دۆلار زیاتری تێ ناچێت بە ماتۆڕەکەشەوە خەڵکیش شایەتی بۆ ئەم ڕاستییە دەدەن..

بەچوار دەوری شەقامی شەست مەتریدا بەدەیان کۆشك بۆ کارمەندەکانی هاتوچۆ دروست کراوە کەڕووبەرەکەی لەناوەوە لە نیو مەتر تێپەڕ ناکات و پێك هاتووە لە چوار تووڵی ئەلەمنیوم و سەقفێکی تەنەکە و پاشماوەکەی شووشەی سادەیە.. لەوانەیە زۆر کەس باوەڕ نەکات کە بەپێی پسوڵەکانی ژمێریاری هەر یەك لەم کۆشکانە هەزار و دووسەد دۆلاری تی چووە.. کەبەشاهیدی زۆر لەخاوەن کارگەی ئەلەمنیومەکان هەرکۆشکەی لە سەدو پەنجا دۆلار زیاتری تێناچێت...

پشکنینی ئوتومبیلەکان دراوە بە دوو کۆمپانیایی ئەهلی یەکێکیان هاوڕێ ی نزیکی بەڕێوبەرە و ڕۆژی واهەیە بیست چا لە ژوورەکەیدا دەخواتەوە.. ئەوی تریش هی کاك شۆڕشە کە ژنبرای نەوشیروان مستەفا ئەمینە.. دیارە قازانج و داهاتی ئەم دوو کۆمپانیایە خەیاڵی یە..

مەسەلەی لێسەنەوە و دووبارە دابەش کردنەوەی تابلۆی ژمارە دووانی وسیانی ئوتومبیلەکانیش ئەوە بۆ خۆی بەسەرهاتێکی دوورودرێژی تری گەندەڵییە کەباسکردنی زۆر دەخاێنی و لای کەس شاراوە نییە.. ئەمانەی لای سەرەوە باس کرا لایەنێکی ڕوون و ئاشکرای گەندەڵییەکانی بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانین.. کە کۆمەڵی ڕاستی حاشا هەڵنەگرن.. ئەگەریش وانییە و هاتوچۆی سلێمانی بە دروستکراوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەزانێت من داوا دەکەم هەر لەم مینبەرە پیرۆزەوە بەبەڵگەو پسوڵەکان بەدرۆی بخەنەوە من بۆ خۆم یەکەم کەس دەبم دەست خۆشیان لێبکەم.. ڕێزم قبووڵ بفەرموون..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.